# لە سەلەفییەتی چەپەوە بۆ سەلەفییەتی ڕاست

## بەختیار عەلی

ئەگەر حەقیقەت هەشبێت، بە دڵنیاییەوە لای ئەوانە نییە
کە دەڵێن: ئێمە حەقیقەتمان لەلایە

ئەلبێر کامۆ

دین نە یەک شێوەی هەیە، نە یەک وەزیفە، نە یەک جەوهەر. کەسانی جیاواز ماهییەتی جیاواز دەبەخشنە دین. گەورەترین هەڵە ئەوەیە واتێبگەین، ئەوانەی بەرگری لە دین دەکەن، بەبێ فەرق و جودایی، هەموویان ئەم بەرگرییە لە هەڵوێست وەرگرتنێکی قووڵەوە لە کێشەی خوداوەند ئەنجامدەدەن. لە ڕاستیدا دین وەک هەر جۆرێکی دی لە هەواداری سیاسی دەشێت بەرهەمی ویستە ئایدۆلۆژییەکانی گروپێک، یاخود ویستە سایکۆلۆژییەکانی فەردێک بێت. ئەو دەرگایە بێت کەسی دیندار بۆ دروستکردنی نەخشەیەک بەکاریدەهێنێت تا لە ڕێگایەوە مرۆڤایەتی بکاتە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان دەستەی خۆیەتی و هەڵگری سیفەتە جوانەکانن، دەستەی دووەمیش، دەستەی نەیارانن و هەڵگری سیفەتە خراپەکانن. جیاکردنەوەی نوسینی ئیمانداری ڕاستەقینە لە نوسینی کەسانێک کە لە بنەڕەتدا نیازی سایکۆلۆژی بەرەو دینیان دەبات، بە هەڵوێستگیریان لە خودی دین، ئاشکرانابێت، بەڵکو ئەو جۆرە هەڵوێستگیرییە تەنیا بە خوێندنەوەی تەواوی دونیابینیان ڕاڤەدەبێت. دیندارەکان بە کۆ لەسەر بایەخی دین، سەروەری خوداوەندو ملکەچی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی مەزنتر لە خۆی تەبان، بەڵام ئەمە تەنیا سەرەتایە، لەپشت ئەم سەرەتایەوە وەزیفەکانی دین ڕەهەندی دیکە وەردەگرن. ترسناکترین ڕەهەندێک دین وەریبگرێت ئەوەیە ببێتە چەکێکی ئایدۆلۆژی بۆ ویستێکی ناوەکی و سایکۆلۆژی، گووتەزاکانی ببنە کەرەستەی دروستکردنی دوژمن. وەزیفەی ئیمان لەلای هەندێک لە دینییەکان شتێکی جودایە لە وەزیفەی ئیمان لای ئەو کەسانەی کە

دین وەک کەرەستەی ئیدانەکردنی جیهان و تاکەکان و کۆمەڵگا بەکاردەهێنن. لەلای هەندێ لە لاهوتیستەکان دین کەرەستەی دروستکردنی دۆستە، یان هەوڵە بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە سروشت و مرۆڤ، بەلام لای ئەوانی دی، لە کن کەسانێک کە دین لە بندەستیاندا کەرەستەیەکە ڕەهەندە عەقڵانی و فیکرییەکانی دۆڕاندوە، دین ئامرازێکە بۆ دروستکردنی دوژمنە.

بۆئەوەی بزانین لە چ کاتێکدا نوسەر بە عەقڵی فەیلەسوف تەماشای دین دەکات، نەوەک بە عەقڵی یەکێک کە بارێکی سایکۆلۆژی کێشکردۆتە ناو دین، دەبێت لەو پرسیارانە بڕوانین کە نوسەر لە دینی دەکات، لەو سیستەمە بڕوانین کە دینی تیا بەکاردەهێنێت، لەو مەبەستانە بکۆڵینەوە کە دینی بۆ کردۆتە ئامراز. لە ڕۆشنبیری ئێمەدا دین بابەتێکە بەردەوام خراوەتە دواوە، زۆرکەم قسەی لەسەر کراوە. هەڵوێست لە دین هەمیشە بە ڕیزێک حەرام و حەلالی سیاسیدا تێپەڕیوە، یان سروشتێکی پەرگیری هەبووە کە یان لەسەر لایەنە ناشیرینەکانی دین دواوە، یاخود دینی بە ئەلتەرناتیڤ بۆ گرفتە هاوچەرخەکان بینیوە، لەم دوو شێوازە بترازێت شێوازێکی تری قسەکردنمان نەبینیوە. لە نێوان ئەم دوو میتۆدەدا کە یەکێکیان دین کورتدەکاتەوە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی ئەولیا، خەلیفە، پەیامبەران، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانیان و ژمارەی ژنەکانیان، تا دەگەینە ئەو میتۆدەی دەڵێت زۆربەی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیاکان ڤایرۆسن و ئیسلام ئەلتەرناتیڤە، «وەک ئەمڕۆ فاروق ڕەفیق نوێنەری ئەم بۆچوونەیە». لەم نێوەندەدا ڕۆشنبیری ئێمە جگە لە چەند هەوڵێکی کەم گووتارێکی دیکەی بۆ دین نییە.

لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردیدا، فیکری سەلەفی ئاینزا لە بەر ڕستێک هۆی مێژوویی نەیتوانیوە جەنگی خۆی بگێڕێت، نەیتوانیوە تێزەیەک بەرابەر تێزە زانستییەکان بەیانکات. گۆڕان لە سەردەمی پەروەردەی دینییەوە بۆ ڕۆژگاری پەروەردەی مۆدێرن لە ڕێگای ئاڵوگۆڕێکی ئارامەوە هاتەدی. فیکری دینی و دەزگا دینییەکان لەسەرەتای سەدەی بیستدا بەرگرییەکی ئەوتۆیان نیشاننەدا، فیکری دینی تا ڕادەیەکی زۆر بێ شەڕو پێکدادانێکی قووڵ و گرنگ، دەزگاو شوێنگەی کۆمەلایەتی خۆی دابەدەستەوە. گواستنەوە لە دەسەلاتی پیاوانی ئاینییەوە بەرەو دەسەلاتی ئۆرگانە مۆدێرنەکان شەڕێکی ناوەکی و ویژدانی و فیکری نەویست. هۆکانی ئەم خۆبەدەوەستەدانە گەلەک زۆرن، سوودو زیانەکانیشی هەروەها، سوودی هەرە گەورەی ئەم خۆبەدەستەوەدانە، ئەوەبوو لە ئاستی سیاسیدا کۆمەڵگای کورد شەڕێکی ناوەکی و ترسناکی بۆگەڕایەوە، جەنگێک دەکرا کۆمەڵگای ئێمە پتر لەیەکدی هەڵوەشێنێت و هەڕەشەی ڕیشەیی تر دەرهەق بە مانا و بوونی نەتەوەیی دروستبکات. بەلام بەرابەر بەو سوودە، ڕۆشنفیکرییەکی

لاواز و بێ دیالۆگ و بێ فیکری بۆ جێهێشتین. لە ڕاستیدا نەبوونی دیالۆگی فیکری لە نێوان نوێنەرانی تازەگەری و نوێنەرانی دین دا بۆشاییەکی گەورەو لاوازییەکی ترسناکی لە بونیادی ڕۆشنبیری ئێمەدا دروستکرد کە تا ئەمرۆ بەردەوامە. ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بۆ جێهێشتین دوای نزیکی سەد ساڵ دەبێت ئەمرۆ ئێمە پێیهەستین.

ئەمرۆ زۆر گرنگە بپرسین: بۆچی فیکری دینی، بۆچی پیاوانی ئایین لە کوردستاندا، بۆ قوتابخانە دینییەکان، بۆ شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئەم بزاوتە، لە کۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیسدا چ شەهوەتێکیان بۆ جۆرە جەنگێکی وا نەبوو؟ لە ڕاستیدا ئەم حەقیقەتە مێژووییە یەک شت ئاشکرادەکات، ئەویش ئەوەیە نوێنەرانی دین لە کوردستاندا دژی تازەکردنەوەی کۆمەڵگا نەبوون، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەو تازەکردنەوەیەدا بوون و خۆیان هەڵگری پرۆژەی تازەکردنەوە بوون. ئەم ڕاستییە مێژووییە تەواو ئەو هرطقە هاوچەرخە بە درۆدەخاتەوە کە ئەمرۆ سەبارەت بە ناکۆکییەکی بێچارەسەر و بێسنوور لە نێوان دین و مۆدێرنەدا لە کوردستاندا لای هەندێک دەیخوێنینەوە.

بۆیە ئەم ڕاستییە باسدەکەم تا لە مانای ئەم شێوە لە هوشیاری دینی بپرسم کە ئەمرۆ لەلای نوێنەری سەلەفییەتی نوێ دەیخوێنینەوە. بۆچی ئەم هوشیارییە تەنیا لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا بەئاگادێتەوەو دێت بۆئەوەی جەنگێک بکات کە سەدەیەک لەوەوبەر دەبایە بیکردایە؟. لە ڕاستیدا گەر تەماشابکەین وێنەیەکی تەواو سەیرو کاریکاتێرییە. سەدەیەک لەوەوبەر کەسانی وەک مەلای کۆیی، قانیع، زێوەر، پیرەمێرد، ئەحمەد موختار، پرۆژەی نوسینی خۆیان بە هیجاکردنی پەروەردەی دینی، بە هیجاکردنی مەلاو فەقێ دواکەوتووەکانی سەردەمی خۆیان دەستپێدەکەن، دەکەونە ستایشی ڕۆشنبیر، زانست و زانینی نوێ، ڕۆڵێکی مەزن دەبینن لە کردنەوەی کۆمەڵگای کوردیدا، کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی زیهنی و ڕۆحییەوە بۆ دونیای مۆدێرن ئامادەدەکەن. کەچی بەودیودا تێڕوانینێکی دی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا بە دیدێکی تاریکبین و عەقڵییەتێکی فەندەمەنتالییەوە سەرهەڵدەدات، تێڕوانینێک بەزەقی لە نوسینی فاروق ڕەفیقدا دەردەکەوێتەوە. دیاردەیەکی سەیرە، مەلا و شێخەکان بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی پێشوو، گووتاری خۆیان لەسەر هیجای پەروەردەی دینی دادەمەزرێنن، بانگەشە بۆ مۆدێلی ڕۆشنبیر دەکەن. کەچی فاروق لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا لە کەنەداوە بانگەشە بۆ پەروەردەی دینی دەکات و بە دەزگایەکی بەرهەمهێن بۆ عاریف و فەیلەسوفی دادەنێت، گووتاری فیکری خۆشی سەرتاپا لەسەر هیجای کاراکتەری ڕۆشنبیر بونیاتدەنێ. ئەمە تەنیا موفارەقەیەکی پێکەنیناوی نییە، بەڵکو دۆخێکی مێژوویی ماناداریشە.

لە ڕاستیدا جیاوازی لە نێوان تەنویرییەکانی سەدەی بیست «قانیع، زێوەر، ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد موختار، پیرەمێرد» و ئەم بزاوتە هاوچەرخەدا، تەنیا جیاوازی نییە لە ئاڕاستەدا، بەڵکو جیاوازییە لە جەوهەریشدا، تەنوێرییە کوردەکان لە ڕووی کولتووری فیکرییەوە، جگە لە شیعر شتێکی ئەوتۆیان بەرهەمنەهێنا، پرۆژەی تەنویری کوردی پرۆژەیەکی مەعریفی نەبوو، تێزەکانی خۆی بە شێوەی تیوری نەدەنوسی، «ڕەفیق حیلمی لێدەرچێت، کە لەو ئاستەدا هەوڵی ماناداری هەیە» بەڵکو لە شێوەی شیعرو سرووددا تەعبیریان لە خۆیان دەکرد، پتر لەگەڵ ئەحاسیسدا دەدوان نەوەک عەقڵ. مەعریفەیەکی قووڵیان بە دونیا نەبوو، بەڵام لە گرنگی و هێزی مەعریفە بەئاگابوون. نەیاندەزانی فەلسەفەکان تەواو دەڵێن چی، بەڵام دەیانزانی دین بە تەنیا چ دونیایەک دروستدەکات، هەرەسی ئیمپراتۆرییەتە دینییەکانیان دەبینی و خەمیان بۆ نەدەخوارد، لەو قۆناغەدا خەم و حەسرەت و نەفرەتکردن لە دونیا باڵادەست نەبوو، لە ناو دیندارەکاندا ئەو ڕۆحە ئەپۆکالیپتیکییە زاڵ نەبوو کە ئەمڕۆ لەلای کەسانی وەک فاروق کە لە هەواوهەوەسی ڕاگەیاندنی مەرگی شتەکاندا دەژین، دەیبینین. لای ڕۆشنگەرەکان خەون باڵادەستە، هەستی دینی جیهانبینییەکی تاریکی نەخولقاندووە، بەڵکو ئەم هەستە نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم لەدایکبوونی یۆتۆپیاکانی تازەگەریدا کە لەلای کەسانی وەک حەمدی، ئەحمەد موختارو پیرەمێرد دەبینرێت. جیاوازی نێوان ئەو تەنویریانەی دوێنێ و هەندێ لە تاریکگەراکانی ئەمڕۆدا، جیاوازییە لە نێوان دوو هەستیشدا، یەکێکیان هەستی یۆتۆپییە و ئەوی دیکەیان هەستی ئەپۆکالیپسییە. یەکێکیان هەستی دەستپێکردنی دونیایە، ئەوی دیان هەستی مردن و کۆتاییە. یەکێکیان ئامێزکردنەوەیە بۆ دونیا، ئەوی تریان ترس و فۆبیایە لە هەمووشتێک کە بە گووتاری فیکریان نامۆیە، یەکێکیان پێیوایە ژیان ئێستا دەست پێدەکات، ئەوی دیان پێیوایە بەیانی قیامەتە. یەکێکیان هەستی کرانەوەو سەرسامییە بە خۆرئاوا، ئەوی دیان هەستی ترس و ڕاکردنە لە خۆرئاوا. یەکێکیان لە ستایشی سروشت و جوانیدا کۆتاییدێت، ئەمیان لە نەفرەت و کینەو ترس لە جنس و جەستەدا کۆتاییدێت، یەکەمیان لە شیعرەکانی گۆراندا دەگاتە چڵەپۆپەی ستاتیکی و جوانپەرستی خۆی، ئەویتریان لە ستایشی «خانمانی حیجاب بەسەر» و هیجای شیعردا تەواو دەبێت. یەکێکیان هوشیاری ڕەخنەگرانەی بەرابەر زۆرشتی دەرەوە سڕبووە، یەکێکی دییان هوشیاری ڕەخنەگرانەی بەرابەر دین سڕبووە.

خودی ئەم بابەتە و ئەم جیاوازییانە، خودی ئەم دۆخە سەیرە کە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەوە گرێدەدات، دەروازەیەکی گرنگە تێبگەین ئەمڕۆ لە گووتاری سەلەفییەتی دینی کوردیدا چی ڕوودەدات؟ چارەنوسی بزاوتی دینی لە ڕۆشنبیری

کوریدا لە کوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەمجۆرە لە غەیبانییەت پەیوەندی بە جۆرەکانی دی غەیبکردنی عەقڵەوە چییە؟.

ئەمڕۆ نوێنەرانی فیکری دینی لە کوردستاندا هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ سەرەتا، بگەڕێنەوە بۆ ساتێکی بەسەرچوو لە مێژوودا، دەیانەوێت ئەو شەڕەبکەن کە دەبایە فیکری دینی لەسەرەتای سەدەی بیستدا بیکردبایە. فیکری فاروق ڕەفیق وریابوونەوەیەکی درەنگوەختی فیکرێکە کە دەبایە سەرەتای سەدەی پێشوو ئەم شەڕەی بکردبایە. واتە لە جەوهەردا بڕوانین پەلامارداني فیکری دینی بۆ «مۆدێرنە «بە مانا گلۆبالەکەی»، بۆ «تازەگەری «بە مانا خۆماڵییەکەی»، بۆ ڕۆشنبیر، بۆ پەروەردەی نوێ. بە گشتی. شەڕێکی درەنگوەختە، شەڕی ئەمڕۆ نییە. بێگومان لێرەدا ئەرگومێنتێکی گرنگ هەیە مرۆڤ دەبێت لەسەری بێتە وەڵام، حەتمەن یەکێک دەپرسێت: چۆن دەکرێت بە شەڕی سەلەفییە کوردەکان بڵێین ، شەڕی زەمانێکی تر، لە کاتێکدا دەبینین ئەوەی ئەوان دەیڵێن هیچ نییە جگە لەسەدای گووتارێکی دینی کە لە سەرتاسەری دونیای ئیسلامدا دەنگدەداتەوە، ئایا ئەم گووتارە لە جەوهەردا گووتارێک نییە، شتگەلێک دووبارەدەکاتەوە بەر لەو لە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا خەڵکی دی لە سەید قوتبەوە تا دکتۆر فاتیمی گووتوویانە؟ ئایا قسەکانی فاروق ڕەفیق و بۆچوونە سیاسییەکانی وتنەوەیەکی خراپی ئەو گووتارە دینییە نییە کە ڕۆژانە لە زاری عەرەبەکانەوە گوێمان لێیدەبێت؟ ئایا ئەم ڕاستییانە بەس نییە بۆئەوەی ببینین کە ئەم گووتارە کوڕی سەردەمی خۆیەتی؟.

لە ڕاستیدا ئەم گووتارە کە لە جەوهەریدا پرۆژەیەکی سیاسییە، هەڵگری ڕۆحێکی نۆستالژییە، لە هەر سەردەمێکدا کاربکات خەیاڵ و ئاڕاستەی بەرەو ڕابوردووە، لەمڕۆدا هۆیەکانی سەرهەڵدانی هەرچییەک بن، لە جەوهەردا، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لەسەر پێوانەکردنی ئێستا بە ڕابوردوو دروستبووە. جەوهەری ئەم پرۆژەیە دژایەتی مۆدێرنە نییە بە مانا خۆرئاواییەکەی، بەڵکو دژایەتی تازەگەرییە بەو ماناو خەون و بەهایانەی لە ناو کۆمەڵگای خۆشماندا ئامادەیە. ئەو بەشێکە لە پرۆژەی گەڕانەوە بۆ پێش دەرکەوتەکانی تازەگەری لە دونیای کوردا، بەشێکیشە لە کولتووری ئەنتی مۆدێرنە لەسەر ئاستی گلۆبال، بەشێکیشە لە کولتووری باڵێکی شەڕانگێزی ناو ئیسلام کە مۆدێرنە بە سەرچاوەی شکستێکی مێژوویی بۆ خۆی دەبینێت. ئەم گووتارە لە هەر سەردەمێکدا کاربکات، دواجار زیندووکردنەوەی شەڕی ئەو ساتەوەختەی یەکەمە کە بەر تازەگەری دەکەوێت. ئەو لە هەر سەردەم و لە ژێر هەر ناونیشانێکدا کاربکات دواجار جەنگێک دووبارەدەکاتەوە کە جەنگی شکستی یەکەمێتی لەبەردەم تازەگەرییدا، جەنگی لەیەک هەڵوەشاندنی وێنەی ئەو دونیایەی

ئەو تیا سەوزبووبوو. ئەو هەستە تراژیدییەی ئەم گووتارە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، نیشانەی پەیوەندی ئەم گووتارە نییە بە ڕۆژگاری ئەمڕۆوە، نیشانەی نزیکی ئەم گووتارە نییە بە کێشەکانی هەنووکە، بە پێچەوانەوە ئەم گووتارە لەسەر بیرنەکردنەوە لە ئێستا دروستبووە. ئێستا سەردەمی مەرگ و نەمانی شەرەفە وەک فاروق ڕەفیق دەڵێت، ئێستا هیچ نییە جگە لە ماڵێکی لێکترازاو، هیچ شتێکیش حوکمناکات جگە لە ویژدانێکی بیمار، هیچ حاکم و جەلادێکیشی نییە جگە لەو مەخلوقەی کە پێیدەڵێن ڕۆشنبیر. نوسینەکانی فاروق نوسینی تووڕەو غەمگینن، غەمی پیاوێک کە لە دوای سەردەمی خۆی لەدایک بووە، حەسرەت و لەدەستچوون ماندوویکردووە، غەمێک ئەو جیهانبینییە تراژیدییەی باسکال و ڕاسینمان یاددەهێنێتەوە، لە ڕۆژگاری هەرەس و لێکترازانی دەسەڵاتی نوخبەی دینی لە ئەوروپادا.

ئەم دابڕانە لە ئێستا، ئەم وێنە تاعوونگیرەی هەنووکە، باوکی ئەو دەنگە تراژیدییەیە کە لە پشتەوەڕا بە کۆی ماناکانی ئەم گووتارەوە نوساوە. ئەوەی مایەی پێکەنینە ئەوەیە ئەم نەغمە غەمگین و تووڕەیە لەلای هەندێک تەواو بەو نەغمە غەمگین و تووڕەیە کە تازەگەرانیش هەیانەو دەبێت بیانبێت تێکەڵاوکراوە. هەندێک هەن لە دونیای ئێمەدا غەمی فەندەمەنتال و سەلەفییەکانیان لە حوزنی تازەگەران بۆ جیاناکرێتەوە. لە ڕاستیدا تووڕەیی فاروق ڕەفیق و ڕۆشنبیرانی دیکەی دینگەرا، تەواو جیاوازە لە هەر غەمێکی دیکە... غەمە ڕاستەقینەکانی ئێمە ئەوەیە کە دونیا ناگۆڕێت، بەڵام غەمی دینگەراکان ئەوەیە کە ڕوخساری دونیا بە جۆرێک گۆڕاوە چیدی مرۆڤ ناتوانێت تیابژی. غەمی ئێمە چەقین و نوقمبوونماندایە لە ناو بونیادە ڕزیوەکانی ڕابوردوودا، غەمی ئەوان هاتنی دونیایەکی ترە کە پیاوی دین و سۆفی و عاریف بەرهەمناهێنێت. هەمان ئەو حاڵەتەی کە پاڵەوانەکەی جۆن ئۆزبۆرن لە شانۆگەری «بەتووڕەیی ئاوڕ لە دواوە بدەرەوە» باسیدەکات.

تا ڕوخساری تازەگەری پتر بەرجەستەببێت، تا پتر لە پرۆژەیەکی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە بەرەو ئەوە بڕوات ببێتە پرۆژەیەکی فیکریش، هەستی تراژیدیانە لە ناو ئەم عەقڵییەتەدا گەورەتر دەبێت. ئەوەی گووتاری فیکری فاروق بە وردی بخوێنێتەوە هەست بە باڵادەستی ئەو هەستە تراژیدییە دەکات. هەستی مردنی نرخ و بەهاکان، مردنی حەقیقەت، مردنی جوامێری، مردنی شەرەف، کۆتایی کۆمەڵگاو کۆتایی مرۆڤ. لە ڕاستیدا هەموو دەزانین ئەمجۆرە هەستکردنە، پەیوەندییەکی بە حەقیقەتەوە نییە، ئەمە وێنەیەکی تۆقێنەرە بۆ ئێستاو داهاتوو، تا لە پشتەوەڕا وێنەیەکی دی تۆخبکرێتەوە. فاروق ڕەفیق دوای سەدەیەک لە پرۆژەی نوێبوونەوە لە کوردستاندا، دوای سەدەیەک لە هەرەسی دەسەڵاتی تەقلیدی مەکتەبە دینییەکان، دێت جەنگی ئەو بەهاو نرخانە دەکات کە فیکری دینی لەسەرەتاوە نەیتوانیوە

پێیهەستێت، بەڵام فاروق بێئەوەی فیکری دینی لە هیچ قەیرانێکی ڕاستەقینەی خۆی دەربهێنێت، کۆمەڵێک گرفتی دیکەی گەورە دەخاتە ناو دونیابینی دینییەوە. بەوەدا فاروق خۆی پیاوی دین نییە، دینداری لەلای هەواوهەوەسێکی ڕۆشنبیرانەیە، بەوەدا دین هەڵگری هیچ قەلەقێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە ڕاکردن لە شێوازە فیکرییەکان، جۆرێکە لە پەرچەکرداری هیستیری بەرابەر خۆرئاوا، جۆرێکە لە فیکری خۆدزینەوە لە فیکر، دواکەوتنێکی ئایدۆلۆژی بزاوتی ئەنتی ئەمریکانییەتە بە دیوە ترادسیۆنالیست و فاشی و ئیسلامییەکەیدا. لەبەرئەم هۆیانە فاروق دونیابینییەکی دینی دادەمەزرێنێت، بەبێ دین خۆی، بێ بوونی زانیاری لەسەر دین، بەبێ گەڕانەوە بۆ دین و تێکستەکانی. جیهانبینییەک دادەمەزرێنێت بەڵام بەو عەقڵییەت و مەنتالیتەیتەی ڕۆشنبیریی کوردیی بۆ یەکێک لە کوڕەکانی خۆی فەراهەمدەکات، کوڕێک کە لە جەوهەردا دژی ئەم ڕۆشنبیرییە قسەدەکات، تا لە پشتەوەڕا، لە قووڵایدا جەوهەری گووتارێک ئاشکرابکات، کە گووتاری پاراستنی ڕەمزە تەقلیدییەکانی ئەم ڕۆشنبیرییەیە. لە ڕاستیدا هیجای فاروق بۆ ڕۆشنبیریی کوردی، هیچ نییە جگە لە توڕەبوونی یەکێک کە پلانی بەرگریکردنی هەیە لە قەڵایەک کە بەرەو داڕوخان دەڕوات لە سەرنشینانی ئەو قەڵایە، کاتێک ناتوانن پلانی ئەو بۆ بەرگری و جەنگ جێبەجێبکەن. فاروق لە ناو ماڵی ڕۆشنبیریی کوردییەوە دێت، بە مەنتالییەتی ئەم ڕۆشنبیرییە ئیشدەکات، سیستمی گووتارەکان و میتۆدی ئیشکردنی هەر هەمان سیستمە، بەڵام لەبری سەلەفییەکانی دی، کە شێوازی دیکە دەگرنەبەر بۆ غەیبکردن و کوژاندنەوەی هەر پڕۆژەیەکی عەقڵانی و فیکرێکی ڕۆشنگەر، ڕاستەوخۆ بەرەو هەڵگرتنی گووتاری دینی دەچێت، بێئەوەی خۆی بە هیچ ئایدۆلۆژیاو پڕۆژەیەکی دیکەوە سەرقاڵبکات. لە ڕۆشنبیری ئێمەدا دین هەمیشە ئامادەبووە، دین وەک ستراکتور و ژێرخان و بونیادی بزوێن نەمردووە، تەنویرییە کوردەکان دەیانتوانی ڕەخنە لە گووتاری ئایدۆلۆژی دین بگرن، بەڵام دین وەک بونیادێکی بزوێن و بەرهەمهێن بۆ دۆگما، دین وەک هەستێکی پڕ غرور بە خاوەنداریێتی حەقیقەت، دین وەک پرۆسەی دروستکردنی ڕوبەری پیرۆز، کەسی موبارەک و ئایدۆلۆژیای موقەدەس، وەک پرۆسەی گەڕان بۆ ئەلتەرناتیڤەکانی عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ، ڕۆژێک لە ڕۆژان گورزی ڕاستەقینەی نەخورادووە. ئەم سیفەتانە سیفەتی هەموو پڕۆژە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی ئێمەبوون، فاروق ڕەفیق لەناو ئەم ڕۆشنبرییەوە هاتووە، هێند هەیە وەک ئەوانی دی ناچێت لە مارکسییەتدا بۆ دۆگماکان و مۆدێلەکانی غەیبکردنی عەقڵ بگەڕێت، بەتەنیا ناسیونالیزم ناکات بە چەکی جۆشدانی هەست و سۆز، بەڵکو ڕاستەوخۆ بەرەو جەوهەری سەلەفییەت دەڕوات کە دینە، ناچێت لە ڕێگای ئەو ئایدۆلۆژیانەوە کە لە دین دەچن، بەرگری لە ستراکتوری قووڵی سەلەفییەتی کوردی و ڕۆحی دژەنوێگەر بکات ، بەڵکو سووک و ئاسان

دەبێتە هەڵگری چەکە ڕاستەقینەکەی جەنگ دژ بە تازەگەری کە دین و ترادسیۆنە. ئەو لە بری ئەوەی بەو ئایدۆلۆژیانە کاربکات کە لە دین دەچن، ڕاستەوخۆ بە وێنەکانی دین کاردەکات. بۆیە دژایەتی فاروق بۆ ڕۆشنبیری کوردی لەوەوە نەهاتووە کە بۆ ئەلتەرناتیڤی قەیرانەکانی ئەمڕۆ دەگەڕێت، بەپێچەوانەوە، لەوەوە هاتووە کە پرۆژەیەکە دژ بەهەر ئەلتەرناتیڤێکی مومکین. پرۆژەی فاروق، پرۆژەی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی ئەلتەرناتیڤەکانیش نییە، ئەوە نییە لە دەرەوەی ئەلتەرناتیڤەکانی ئێستاوە شتێکی نوێ بهێنێت، ئەو لە بنەڕەتدا دژ بە زیهنییەتی گەڕان بۆ ئەلتەرناتیف کاردەکات. لای ئەو کانگایەکی ڕەسەن هەیە کە دینە، ئەو کانگایە خۆی سەرچاوەیەکە بێئەلتەرناتیف، ئەو بەرابەر خۆرئاواو هەر پرۆژەیەکی ناوخۆشە کە لەدەرەوەی دین بیر لە کۆمەڵگا بکاتەوە.

لێرەوە فاروق لە دۆخی بیرکردنەوەیەکی تیوری و فەلسەفیدا ناژی، ئەوەی بە سیستمێکی فەندەمەنتال و دۆگمایی ئیشبکات پێویستی بە تیوریزەکردن و ئیشکردن لە نادیاردا نییە، ئەوەی کە ئیستیهزای بە ستراتیژەکانی گەشەی فیکری بێت، دۆخی جەنگاوەرێک وەردەگرێت کە بەرگری لە بەها مەزنەکان و «فەلسەفەی نەمر» دەکات، فاروقیش سەد دەر سەد ئەو دەورە دەبینێت. ئەو بیرناکاتەوە، بەڵکو لە جەنگدا دەژی لە پێناوی پاراستنی ئەو بیرانەی پێشتر بەرهەمهاتوون، ئەو ئەوەی بۆ گرنگ نییە کە لە دایکدەبێت، ئەوەی بۆ گرنگە کە نابێت بمرێت، لێرەوە نوسینەکانی فاروق لەسەر ستراتیژو میتۆدی فیکری و فەلسەفی کارناکەن، بەڵکو لەسەر ستراتیژی جەنگ کاردەکەن. فاروق فەرهەنگێکی سەربازی هەیە، لە زۆرجێگادا باس لە جەنگەکانی خۆی دەکات لە ئەوروپا، باس لەوە دەکات هاتووە شەڕ لەگەڵ خۆرئاوادا بکات، وشەی جەنگاوەرو ڕۆحی جەنگاوەر لە وشە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگەکەی ئەون «کە دواتر بەدرێژیی دەگەڕێمەوەسەری و ڕیشە فەلسەفییەکانی لە فیکری فاشیدا دەپشکنم». دیارە جەنگاوەر لای ئەو تەنیا ئەوانە نین کە شمشێر هەڵدەگرن،. بەڵام گووتاری فیکری ئەو خاڵیش نییە لە ئاماژەکردن بۆ جەنگی ڕاستەقینە، نرخەکانی وەک ئازایەتی و جوامێری بەشێکی گرنگی کولتووری زمانەوانی ئەون، بەوەشدا بەدەگمەن مانای ڕاستەقینەی ئەو وشانە دیاریدەکات، بەدەگمەن لە بەکارهێنانە ڕۆژانەکان پاکیاندەکاتەوە، ئیدی هەر بە مانا سادەکەی خۆیان ماونەتەوە. لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئەو بۆ چەمکی «جەنگ» هەر هەمان بەکارهێنانی ڕینییە گیونینە کە وتارێکی لەسەر مانای شمشێر لە ئیسلامدا هەیە، جەنگاوەری بە شەڕ دەبینێت لەدوو ئاستدا، ئاستی جیهادی بچوک کە جیهادو شەڕی ڕاستەقینەیە بۆ چەمکی «عەدالەتی ئیسلامی»، لەگەڵ جیهادی گەورەدا کە جەنگە لە ئاستی ڕۆحی و ئیمانیدا. بۆیە لەسەرەتاوە ئەوەم لا گرنگە خوێنەر ئەو حەقیقەتە ببینێت، شەڕی

فاروق لەگەڵ ئێستای ڕۆشنبیری کوردیدا، شەڕێکی ڕاستەقینەو ڕادیکال و ڕیشەیی نییە، بەڵکو لە جەوهەردا فاروق و ڕووبەڕێکی گەورەی دیکەی ناو ڕۆشنبیریی کوردی لە ناو یەک کەشتیان، لەسەر یەک زەمینەی هاوبەش وەستاون، کە زەمینەی ئیشکردنە بە ئەلتەرناتیڤەکانی عەقڵ، زەمینەی ئیشکردنە بە گووتارە دەستەجەمعییەکان، ئەو گووتارانەی بە عەقڵی بیرمەندو ڕەخنەگردا نەڕۆیشتوون. ڕۆشنبیریی کوردی لە سەدەی بیستدا لە ڕووی ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژییەوە ڕوخسارێکی نائاینی هەبووە، بەڵام لە ڕووی ستراکتوری ئیشکردنەوە دین هەمیشە پێکهێنی جەوهەری ئەم ڕۆشنبیرییە بووە. «من و مەریوان وریا پێشتر بە درێژیی لەسەر ئەم حەقیقەتە ڕاوەستاوین، وتارەکانی سەرەتای من و مەریوان بەشی هەرە زۆریان دەڕژێنە خانەی خوێندنەوەی ئەو تێزەیەوە». ڕەخنە لە دین نەبووە مایەی لە دایکبوونی زانست، سەدەی بیست لە فەرهەنگی کوردیدا سەدەی گۆڕانی دۆگما دینییەکانن بۆ دۆگمای ئایدۆلۆژی. مارکسیستەکان دەستبەرداری دین نەبوون بۆ عەقڵ، بەڵکو دەستبەرداری دۆگمابوون بۆ دۆگما، لە شێوازێکی فەرامۆشکردنی عەقڵی مرۆڤەوە بەرەو شێوازێکی دیکەی فەرامۆشکردن ڕۆیشتین. وەک چۆن لە کولتووری سەدەکانی ڕابوردوودا دین ئەلتەرناتیڤی ئیشکردن بووە بە عەقڵی مرۆڤ، دین فیکری ڕاکردن بووە لە فیکر. لە سەدەی بیستیشدا سیستەمە ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارەکان ئەلتەرناتیڤی بیرکردنەوە بوون، بە جۆرێک گووتەزا ئایدۆلۆژییەکان، تێکستە ئایدۆلۆژییەکان، فەرمانە حیزبییەکان، دروشمە سیاسییەکان شوێنی گووتەزا دینییەکان، تێکستە دینییەکان، فەرمانە ئیلاهییەکان و واجیبە دینییەکانیان گرتەوە. ئەم دۆخە نوێیە لە جەوهەردا گۆڕانێکی ڕیشەیی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، ئەو خەونەی کە سەرەتا ڕۆشنگەرە کوردەکان دەیانبینی، لەسەردەستی ئاوێتەیەکی ناعەقلانی ناسیونالیستی و مارکسیستیدا مرد کە ئازادی لە مۆدێلی حیزب و فیکری لە سیستمێک دۆگماو دروشمی ئایدۆلۆژیادا کورتکردەوە. لەسەدەی بیستدا دۆگمائییەت بەردەوامە لە غەیبکردنی عەقڵدا، بەردەوامە لە چەپاندن و سڕکردنی توانای مرۆڤی کوردا لەسەر بیرکردنەوە، ئەو بێدەنگییە قووڵەی کە دینێکی چەپێنەر چەندین سەدە، بەسەر عەقڵی ئەم مرۆڤەدا سەپاندویێتی وەک خۆی ئیشدەکات، سەدەی بیست لە ڕووی فیکرییەوە، وەک سەدەکانی دیکە خاڵییە لە بەرهەمی فیکری گرنگ، خاڵییە لە عەقلانییەتێکی ڕۆشنگەر کە لەسەر بڕوابوون بە عەقڵی مرۆڤ و ئازادکردنی ئەو عەقڵە دروستبووبێت. ڕۆشنگەری بە مانای ئاگاداربوون لە ڕۆڵی دین لە دواکەوتن و کۆیلەبوونی مرۆڤدا ئامادەیە، بەڵام ڕۆشنگەری بە مانا «کانتییەکەی» ، بە مانای ئازادکردنی عەقڵ لە کۆتوپێوەندەکانی، بە مانای گۆڕینی ئازادی فەرد بۆ بناغەی هەر پرۆژەیەکی مومکین بۆ ئازادیی، بە مانای ئازادکردنی بیرکردنەوە لە دۆگما، هەمیشە نەناسراوو نائامادەیە. جیاوازی هەرە مەزنی نێوان ڕۆشنبیریی کوردی

بەر لە سەدەی بیست و ڕۆشنبیریی سەدەی بیستدا، مردنی دین و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دین نییە، بەڵکو لاوازبوونی دینە وەک هەڵبژاردنێکی سیاسی، لەم سەدەیەشدا عەقڵی کوردی هێشتا هەر تواناو ئیرادەیەکی ئەفسانەیی نیشاندەدات کە تەواوی بیرکردنەوەو ئایدیاکان بکاتەوە بە دین. بەڵام ئیماندارەکان، ئەوانەی کە بە عەقڵییەتێکی تەواو ئاینی کاردەکەن، ئاینیان لەم ڕوخسارەدا ناوێت، ئەوان دین وەک یەکەیەکی تۆتالیتارو سەرتاسەر تەماشادەکەن، ئاین ناوەڕۆک و میکانیزمیشە، لای ئەوان دۆگما ناوێکی دیکەی هەیە و پێیدەگووترێت «حەقیقەت»، کرکەوتن بەسەر هەندێک قەناعەتدا ناوێکی دیکەی هەیە و پێیدەگووترێت «موقەدەس». لای ئەوان قەبووڵکردنی تەفسیری ئاین بۆ گەردون و کۆمەڵگا گرنگە، نەوەک ئیشکردن بە سیستمێک کە ناوەڕۆکە ئایدۆلۆژییەکان لادەدات و میکانیزمەکان دەهێڵێتە، دۆگما وەک ناوەڕۆک گرنگە نەوەک قاڵب، لێرەوە نیگای ئاینزایەکی وەک فاروق لەسەدەی بیست بە جۆرێکە وەک ئەوەی ئەم سەدەیە مەیدانی لەدایکبوونی دڕندەیەکی ترسناک بێت کە ناوی ڕۆشنبیرە. دڕندەیەک ئیشی کوشتنی ئیمان و حەقیقەتە. لە کاتێکدا ڕەخنەی من لە ڕۆشنبیر بێتوانایەتی لە شکاندنی قاڵبی دینیدا لە بیرکردنەوەدا. ڕەخنەی فاروق ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کورد تاعوونی ڕۆشنگەریی پێیە، لەکاتێکدا ڕەخنەی من ئەوەبووە کە ڕۆشنبیری کورد هەرگیز ئەرکەکانی ڕۆشنگەریی تەواو جێبەجێنەکردووە و لە قاڵبی دین ئازادنەبووە.

فاروق تەنیا نیوە ئایدۆلۆژییەکەی دین دەبینێت کە لاواز دەبێت، بەڵام بونیادی عەقڵییەتی دینی، ئیشکردنی ئایدۆلۆژیاکان وەک دین نابینێت، بیرکردنەوەشی دوور و نزیک ناگاتە ئەو سنوورانە. لای ئەو کەموکورتی مەعریفی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ئیمان، نەوەک بۆ باڵادەستی جۆرە ئیمانێک کە هەر جۆرە قەڵەقێک دەکوژێت، هەر جۆرە خواستێکی فێربوون سڕدەکات. هۆی ئەم هەڵە کوشندەیە ئەوەیە کە لای فاروق و دینییەکانی دیکەی وەک ئەو، مەعریفەی دینی تاکە مەعریفەی ڕاستەقینەیە. لاوازی ئاستە فیکرییەکانی دی چ جۆرە نرخێکی ڕاستەقینەی لای ئەوان نییە، چونکە جگە لە مەعریفەی دینی چ جۆرە مەعریفەیەکی بەهاداری دی بوونی نییە تا ئەوان خۆیانی پێوە سەرقاڵبکەن. فاروق بەرهەمی ئیشکردنی ناوەکی سیستمی سەلەفی خۆیەتی، ساتی گەڕانەوەی ئەم سیستمەیە بۆ نوسخە ڕەسەن و نەگۆڕەکەی خۆی، بۆ دۆگما بنچینەیی و ئایدۆلۆژیا دێرینەکانی خۆی. سیستمی سەلەفی ئێمە لەسەدەی بیستدا دابەشبوونێکی ناوەکی قووڵ لە نێوان «دەرکەوتە» و «جەوهەر»دا دابەشدەبێت. دەرکەوتەکانی لە ژێر ناونیشانی ئایدۆلۆژیای جیاوازی وەک مارکسی و ناسیونالیستیدا کاردەکەن، بەڵام جەوهەریان هەمیشە جەوهەرێکی دینییە. فاروق ڕەفیق

ساتی گەڕانەوەی عەقڵی سەلەفییە بەرەو خۆی، ساتی هەوڵدانێتی بۆ یەکخستنەوەی دەرکەوتەو جەوهەر یان «ضاهر» و «باطن»ی خۆی. هەوڵدانی پاکردنەوەی خۆیەتی لە هەر گەردێکی ئایدۆلۆژی کە پێوەی نوسابێت. کوشتنی ڕۆشنبیر و زیندوکردنەوەی مۆدێلی عاریف و شاعیر و میرزای کۆن لە گووتاری فیکری فاروق ڕەفیقدا هیچ نییە جگە لە هەوڵێکی گەورە بۆ هەڵگرتنی ئەو ناکۆکییە کوشندەیە، بۆ یەکخستنەوەی ناوەکی و تێپەڕاندنی ئەو دابەشبوونەی کە فیکری سەلەفی لەسەدەی بیستدا تیاژیا. بەڵام سەلەفییەت بۆئەوەی ئەوەبکات دەبێت قەسابخانەیەکی ڕۆشنبیری و فیکری دروستبکات، بەسەر خاشاکی چەندین بزاوت و چەمکدا بڕوات.

بەر لەوەی دەست بە نوسینی فەسڵە بنەڕەتییەکانی ئەم کتێبە بکەم، حەزدەکەم بڵێم، فاروق ڕەفیق تەنیا نوێنەری تاک و تەنیای سەلەفییەت نییە، سەلەفییەت دەرکەوتەو شێوەو ناونیشان و نوێنەرانی دیکەی لە دونیای ئێمەدا زۆرن. لەو فۆرمالیستانەوە بگرە کە شیعرو ورێنەیان بۆ جیاناکرێتەوە، تا ئەو سیاسیانەی هەموو خەیاڵێکی تازەگەرییان تێدا مردووە، لەو ئەکادیمییانەوە بیگرە کە پاسەوانی مەعریفەتێکی دێرین و کلێشەیی و بێرۆحن لە زانکۆکاندا، تا ئەو نوسەرانەی کێشەکانی نوسین و ژیان و کۆمەڵگا بە کەمتەرخەمییەکی بێوێنەوە تەماشادەکەن. لەو ڕۆژنامەنوسانەوە کە نوسین و فیکریان لەیەکترازاندووە، تا ئەو قەڵەمانەی تەنیا بە فەرمانی حیزب دەنوسن. لەو نوسەرانەوە کە ساڵەهای ساڵ بە جنێوو موهاتەرات ئەم ڕۆشنبیرییەیان سەرقاڵکردووە تا کەسانێک لەدەرەوەی سیاسەت و بەرزکردنەوەی دروشم ڕووبەرێکی دیکەی نوسین ناناسن. لەو دینییانەوە بیگرە کە زانست بە کۆپی دین دەزانن تا ئەو کۆمۆنیستە دۆگمائیانەی سەدەیەک لە دوای بەشەریەتەوە بیردەکەنەوە. هەموو ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەموچاوی جیاواز جیاوازی ناو یەک بونیادن کە لەسەر غەیبکردنی عەقڵ و کوشتنی مەعریفە دروستبوون. ئەوەی وادەکات فاروق جودا بێت لەوانی دی ئەوەیە، فاروق نوێنەرێکی نوێی سەلەفییەتی دینییە، تاکە نوێنەریشێتی کە بە شەڕانگێزییەتێکی بێوێنەوە پەلاماری هەموو خەیاڵێکی تازەگەر دەدات. یەکەمجارە ڕۆشنبیرێک بێهیچ پێچوپەنایەک تێزە ڕاستەقینەکانی سەلەفییەت دەخاتەسەرکاغەز، هەوڵدەدات لە سەلەفییەتێکەوە بوێری ئەوەی نییە دەموچاوی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرابکات، بەرەو سەلەفییەتێک بگوازێتەوە کە شانازی بە وەزیفەو گووتارو ئەرکەکانی خۆیەوە دەکات، لە سەلەفییەتێکەوە لە تۆمەتی سەلەفییەت ڕادەکات، بەرەو سەلەفییەتێک لەگەڵ جەوهەری ئایدۆلۆژی خۆشیدا تەبایە کە ستایشی دین و دژایەتی ئازادی فیکرە، لەسەلەفییەتێکەوە کە ئیدیعای دیموکراسییەت و ڕۆشنبیریی و ئازادی دەکات، دەگوازێتەوە بۆ سەلەفییەتێک سێ کوچکەیەکی ناموقەدەسی دروستکردوە کە

«دژایەتی دیموکراسییەت»، «دژایەتی ڕۆشنبیر» و «دژایەتی جەستە»یە، کە هەر سێکیان سێ خاڵ و سێ تەوەری بنەڕەتی دیدی فاروق ڕەفیقیشن. بەڵام ئەوەی وادەکات ئەم گووتارە لە هەر گووتارێکی دیکە پتر شایستەی ڕووبەڕووبوونەوە بێت، هەوڵدانێتی بۆ خۆنیشاندان وەک گووتارێکی فەلسەفی، ڕەنجێتی بۆ دەرخستنی گووتارەکانی خۆی وەک کۆمەڵە دەرەنجامێکی فەلسەفی، تێکەڵکردنێتی بۆ گووتارەکانی خۆی لەگەڵ هەندێک تێزەی فەلسەفیدا، لە کاتێکدا لە حاڵێکی فیکری ئێجگار فەقیرو دەستکورتدا دەژی، ئەم نوسینانەی فاروق بەرلەوەی بە هیچ شتێک تووشی شۆکمانبکەن بەوە تووشی سەرسامی و حەپەسانمان دەکەن کە فاروق لە پاشخانی فیکری و زانستی بەشی هەرە زۆری ئەو کێشانە بێئاگایە کە تا بینەقاقا خۆی تیا نوقمکردوون. ئەم بێئاگاییە، ئەم نەبوونی میتۆدە، ئەم خۆدانەدەست زمانی بەلاغەت و ڕیتۆریکییەتە وایکردووە لە ناو بەحرێک لە ناکۆکیدا مەلەبکات، لەیەک لاپەڕەدا تێزەو دژەکەی دەهێنێتەوە، خاڵییە لە بچوکترین هارمۆنییەت. لەمانە ترسناکتریش هەڵگرتنێتی بۆ پڕۆژەیەکی سیاسی کە تەبایە لەگەڵ فیکری تاریکترین بزاوتە فەندەمنتالەکانی ئەمڕۆدا، ئەمەجگە لەوەی کە لە ئاستی فیکری فەلسەفی و سیاسیدا گوازتنەوەی بۆچوونەکانی کۆمەڵێک موفەکیری ڕاستەڕەوە توندەکانی خۆرئاوایە، گووتنەوەی تێزەی کەسانی وەک جۆزێف دی مایستەر، شپینگلەر و ڕینییە گیونینی فەرەنسی «شێخ عەبدولواحید یەحیا، دوای وەرگەڕانی لە مەسیحییەت و بوونی بە ئیسلام» و یۆلیۆس ئیڤۆلای ئیتالییە «کەسەرچاوەیەکی سەرەکی فاشیزم و نازییە نوێکانی خۆرئاوایە». فیکرێک دواجار گەر تەرجەمەبکرێتە سەر زمانی سیاسەت سیستمێکی  تۆتالیتارو داخراو دروستدەکات. فاروق بەم بۆچوونانەی هەوڵدەدات پردێک لە نێوان فیکری ڕاستڕەوی ئەوروپی و فەندەمنتالییەتی ئیسلامیدا دروستبکات. ئەوەی فاروق دەیکات گرێدانەوەی فیکری سەلەفی کوردییە بە فیکری ڕاستڕەوە توندڕەوەکانەوە لە خۆرئاواو خۆرهەلات، ساڵگەلێکی زۆرە فیکری سەلەفی ئێمە سروشتێکی چەپگەرای هەیە، بۆ یەکەمجار فاروق هەوڵدەدات فیکری سەلەفی بگێڕێتەوە سەر جەوهەرە ڕاستڕەوەکەی خۆی، وەک فیکرێکی نزیک بە فاشییەت، کە مێژوویەکی درێژە بە ڕەوتێکی هەڵەدا دەڕوات. ئێستا یەکەمجارە لە مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمەدا لە «سەلەفییەتی چەپ»ەوە بەرەو «سەلەفییەتی ڕاست»، لە «ناعەقلانییەتی چەپ»ەوە بەرەو «ناعەقلانییەتی ڕاست» دەڕۆین، یەکەمجارە لە سەفەرێکی ناموقەدسدا دەمانەوێت لە دۆگماکانی بەلشەفییەتەوە بەرەو دۆگماکانی کۆنزرەفاتیڤییەت بڕۆین، لە بلیخانۆفەوە بگوازینەوە بۆ یۆلیۆس ئیڤۆلا. بەڵام فەقیری تواناکانی فاروق لە ئاستی تیورێزەکردن و بیرکردنەوەی مەنهەجییدا، زاڵبوونی عەقڵییەتی ئینفیعالی بەسەریدا، ئەو هەموو ناکۆکیی و نەگونجانەی لە فیکریدا هەیە بوارینەداوە ئەو پڕۆژەیە بە ڕوکارە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دەرکەوێت. فەقیری فاروق لە ئاستی

تێگەیشتن و تیوریزەکردن و پراکتیزەکردنی بۆچوونەکانیدا، وایکردوە تەنیا سەری گووتارەکان توێژاڵکی ڕووکەش و دروشمئاسای فیکری کۆنزەرفاتیڤ وەرگرێت و نەتوانێت ئیشێکی تیوری یان فەلسەفیان پێبکات. حاڵی فاروق لەگەڵ کۆنزەرڤاتیزمدا تەواو وەک حاڵی چەپە لەگەڵ مارکسیزمدا. ئەم فەقیرییە سوودێکی گرنگ و زیانێکی کوشندەشی هەبووە، لەسەرێکەوە وەک پێکهاتێکی نارێک کە چەمکەکانی بیری خۆی بۆ کۆناکرێتەوە، سەرچاوەکانی خۆی وندەکات، شەرمدەکات دەرەنجامی قسەکانی خۆی قبووڵبکات، خستوێتییە جوغزی لاوازییەکی گەورەوە، لەسەرێکی دییەوە ئەم ئەستە ناکامڵ و ڕووکەشگیرە وایکردووە خاوەنی زمانێک بێت ئاسان موخاتەبەی هوشیاری مرۆڤی سادە بکات، ئاسان ختوکەی هەستە دینییەکانی بدات، بۆ گروپێک لە خوێنەری دینی نوسراوە تاڕادەیەکی زۆر لە هەموو فیکرێک و خوێندنەوەیەکی دی دابڕاون، خوێنەرەکانی کەسانێکن لە قوتابخانەی حیزبە ئیسلامییەکانەوە هاتوونەتەدەرێ، لێرەوە مەترسییەکی کوشندەی هەیە ئیسلامییە کراوەکانیش بەرەو باوەشی فاشیزمێکی دینی ڕاکێشێت، بەرەو جۆرێک لە زێکت و کەڵتایەتی ئیزوتریکی کێشیانبکات... کە بە هۆی پێکهاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەوە، لە شێوەی کەڵت و گروپی ئیزوتریکیدا کۆتاینایەن، بەڵکو کاریان لە گروپی تیروردا تەواودەبێت. لە سیاقی ئەم کتێبەدا، بەش لەدوای بەش پتر فەقیری ئەم گووتارە لە ڕووی فیکرییەوەو مەترسییەکانی لە ڕووی سیاسییەوە ئاشکرادەبن. هیوادارم توانیبێتم بەم هەوڵە بەشدارییەکی بچوکم لە ڕوونکردنەوەی دیاردەیەکدا کردبێت، کە بەڕای من یەکێکە لە ترسناکترین ئەو دیاردانەی کە لەئێستای ڕۆشنبیری کوردیماندا هەیە. گەر بشبێتە پرۆژەی سیاسی، زیانی کوشندەی بۆ سەرجەمی ژیانی کولتووریی و سیاسیمان هەیە، ئەگەرچی لاوازییە فیکرییەکەی تاڕادەیەکی زۆر لە ئاستی ئەو مەترسیانە کەمدەکاتەوە. ئەم کتێبە درێژکراوەی ئەو بۆچوونانەیە کە لە وتارێکی دیکەدا سەبارەت بە فاروق خستمنەڕوو، لێرەو لەوێش دەگەڕێمەوە سەر هەندێ بۆچوون کە لەوێدا قسەم لێکردبوون. بۆ تێگەیشتنیش لە تەواوی بۆچوونی من، تکام وایە خوێنەر بگەڕێتەوە سەر وتارەکەی پێشووشم کە بە ناوی «دەمامکە فەلسەفییەکانی ئیسلامی سیاسیی»ـەوە بوو. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە وتاری پێشووم لە ئاست خوێندنەوەی ڕیشە تیورییەکانی ئەم دیدەدا تاڕادەیەکی زۆر کەمتەرخەم بوو، لەوێدا کۆمەڵێک تێبینیم لەسەر موفارەقەو ناکۆکییەکانی ئەم گووتارەی فاروق نوسی، وتارێک بوو بۆ ڕۆژنامە نوسرابوو، دواتریش کە لە ڕەهەندا بڵاومکردەوە هەر بە شێوەی یەکەمجاری بڵاوبووەوە، دواتر هەستمکرد نەمتوانیوە تەواو ڕیشە ڕاستەقینەکانی ئەم فیکرە نیشانی خوێنەر بدەم، ئەو دیوەی ئاشکرابکەم کە بە فاشیزمی ئەورووپییەوە دەیبەستێتەوە. دەبێت ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە ئەو کات تەواو لەودیوەی نوسینەکەی فاروق

بێئاگابووم، ئەگەرچی چەندەها ئاماژەو ڕێگای زۆرو زەبەند هەبوون دەبایە من بمدیبایە. ئەوکات من تەواو لە ژێر فشاری ئەو ساتە وەختەدا بووم کە نیگاکانی بەرەو چاوەدێرکردنی فیکری فەندەمنتالیستی دینی ڕادەکێشا. ئەوکات تەنیا ئەوەم بۆ گرنگ بوو هەڵوێستی خۆم لەو دونیایە ئاشکرابکەم، لە ڕێگایەوە فاروق ئیسلامییەکانی بانگەکرد دەستبخەنە بینەقاقای ئەو «مەخلوقە زۆڵەی ناوی ڕۆشنبیرە». ئەوەم بۆ گرنگ بوو تەواوی ئەو تێزەیە دوور لەو توێکڵە فەلسەفییە ببینم کە خۆی پێ قۆزاخە دابوو. گرنگ بوو ئەوجۆرە بەئەداتکردنەی دین ببینم بۆ داڕشتنی گووتارێک بە هەرجێگایەکدا بڕوات دوو پۆلیـیەکی ڕەها دروستدەکات، ڕەش و سپییەکی توند پیادەدەکات. بەڵام لێرەدا ئەوەم مەبەستە خوێنەر کێشەی دین و فەلسەفە، دین و زانستە ئەنترۆپۆلۆگییەکانی تر بە دیوە ڕاستەقینەکەیدا ببینێت، لەئاست جەوهەری شەپۆلە ئیزۆتریکییەکاندا ڕابمێنێت، لێرەدا تەنیا بەرابەر ئەو تێزانە دەوەستم کە جەوهەری زیندووبوونەوەیەکی نوێی سەلەفییەتی دینین لەبەرگێکی نوێدا، جەوهەری زیندووبوونەوەی تێزەی فاشییەکی سالانی سی و مەلایەکی سەدەی نۆزدەن لە بەرگی فەلسەفەیەکی نوێدا. تەواو وەک خواردنێکی کۆن لەسەر سفرەیەکی تازە، وەک شەرابێکی کۆن لە شوشەیەکی نوێدا. بەڵام نابێت ئەوەش فەرامۆشبکەین کە ئەم کتێبە لە جەوهەردا تەنیا وەڵام نییە، نیازی منیش خۆ دیلکردن نییە لە ناو قسەکانی کاک فاروقدا، ئەوەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە کتێبێکە لەسەر موقەدەس، لەسەر ئیزۆتریک و فاشییەت، لەسەر ڕۆشنبیران و دژایەتی ڕۆشنبیر لە کولتووری سیاسی کوردی و کولتووریی فاشیزمی ئەوروپیدا. ئەوەی من پێوەی مولتەزیمم گەیاندنی زۆرترین بڕە لە زانیاری کە من هێزم بەسەریاندا شکاوەو لە بندەستی مندا هەبوون بە خوێنەر، ئەم کتێبە بەپلەی یەکەم هەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوەی چوارچێوەی تیوری ئەو بابەتە گرنگانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان لەلای فاروق بەتایبەتی و لە فەزای ڕۆشنبیریماندا بە گشتی، بەشێواوی دەخرێنە بەردەم خوێنەر. کتێبێکە زیاتر نیازی دەرخستنی ڕیشە ڕاستەقینەکانی بۆچوونەکانی فاروقە، هێندەش بە نیازە کتێبێکی پڕ زانیاری بێت لەو بوارانەدا کە بابەتی سەرەکیینی نیازی نییە ڕاوەستان بێت لەسەر چەندەها وردە هەڵە و ناکۆکی کە تەواوی نوسینی فاروقی لێچنراوە. ئەم کتێبە کراوەتەوە سەر چوار فەسڵی سەرەکی و گەورە، بەشی یەکەمیان بۆ بەسەرکردنەوەی چەمکی موقەدەسە، فەسڵی دووەم کە پێدەچێت درێژترین و گرنگترین بەشی کتێبەکەش بێت، تەرخانە بۆ ئیزۆتریک و ترادسیۆنگەرایی، بەتایبەت ئەو بەشەی تێیدا لەسەر لێکچوونی فیکری فاروق و فاشییە کۆن و نوێکان قسەدەکەم، ئەو بەشەی تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر جۆزێف دی مایستەر، ڕینییە گینۆن و یۆلیۆس ئیڤولا و کۆپیکردنی فاروق بۆ ئیدیاو بۆچوونەکانی ئەم بیریارە کۆنزەرفاتیڤ و فاشیانە. بەشی سێهەمیش تەرخانە بۆ کێشەی ڕۆشنبیر لە دونیای کورددا،

دوا وتاری ئەم کتێبەش ئەکادیمیاو وەهمەکانی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیە: ئایا کاک فاروق ڕەفیق بەڕاست حورمەتی ئەکادیمییەت دەگرێت؟. ئایا مەرجی یەکەم بۆ حورمەتی ئەکادیمییەت حورمەتی زانست و ڕۆشنگەریی نییە؟ ئایا ئیزۆتریک و ئەکادیمییەت یەکدەگرنەوە؟. لێرەو لە هەموو جێگایەکی دیکەشدا هەوڵمداوە بەر لەوەی بیر لە پەرچەکردارەکانی دەرەوە بکەمەوە، بیر لە ئیلتیزامی خۆم بە وشەوە بکەمەوە، ببینم و تێبگەم، بەرگری لەو شتانەبکەم کە پێموایە لەوانەیە دونیا کەمێک باشتربکەن، یاخود ئەگەر قسەی من هێزێکی هەبێت بەشدارییەک لە کەمکردنەوەی مەترسی ئەو شتانەدا بکات کە دونیا بە ڕێگایەکدا دەبەن، من تاریک و خەتەرناک دەیبینم.

تێبینی:

ئەمە پێشەکی کتێبێکە بە ناونیشانی: «ئیمان و جەنگاوەرانی. فیکری سەلەفی و دەرکەوتە نوێکانی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا ـ خوێندنەوەیەک لە نووسینەکانی فاروق ڕەفیقدا ـ» کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لە لایەن «نێوەندی ڕەهەندەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی» بڵاودەکرێتەوە.